


# زەواج نەفرەتی هەمیشەیی خودا لە بەشەر

هاشم سەڕاج

دوکتۆر فەرهاد پیربالْ ئەم ناوونیشانەی سەرەوەی لەسەر بەرگی کتێبەکەیدا تۆمار کردووە، لەگەڵ ئایکۆنێک، یان نیشانەیەکی تەنزئامێز بە زمانی کۆمپیووتەر (هههههه)، بەڵام لە لاپەڕەی دووەمی ناوەوەی کتێبەکەدا دەستەواژەیەک کە پێناسەی عیشق دەکات بۆ خودا، بەم شێوەیە خراوەتە ڕوو، عەشق... ئەوینی تا هەتایی بەشەر بۆ خودا، دەسپێکی نووسین لەم کتێبەدا لای فەرهاد پیربالْ لە خاڵێکی باوەڕدارییەوە سەرچاوە دەگرێت و هزری ئەتایستی ڕەت دەکاتەوە.

**لەکاتی سوژدە بردنم بۆ خودا**
**– بە درێژایی کاتەکانی کڕنۆش بردنم–**
**هیچ چرکەیەک هەستم نەکرد**
**کە لە من (بڵندتر و ئازادتر) هەیە**
**لە هەموو دونیا**

دەتوانم بڵێم ئەم کتێبە گوتارێکی مەعریفییە و لە ڕێگەی ئەزموون و تێڕامان و لێکدانەوە و پاشخانێکی ئۆنتۆلۆجییەوە ئاراستەی هزر و ئاگایی نەوەی نوێی کورد دەکرێت، کچ و کوڕانی کورد لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەدا چۆن بتوانن هەڵبژێرن و سیستم و پرۆسەی هاوسەرگیری بزرنگێننەوە، یان سیستمی ژن و مێردایەتی سەر ببڕن و هەڵبوەشێننەوە.

بەرلەوەی ڕووەو جیهانی ئەم کتێبەی فەرهاد پیربالْ شۆڕببمەوە، پێم باشە وەڵامێکی دوکتۆر محەمەد کەمال سەبارەت بە هاوسەرگیری بخەمەڕوو، لە دیمانەیەکدا «هەرێم عوسمان» ئەم پرسیارەی خوارەوەی لێ دەکات:

– ئایا خێزان بەگشتی و بە تایبەت خێزانی خۆتان تا چەند گرنگی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و فەلسەفیتان هەبووە؟

– بڕوام بە دەزگای خێزان نییە، دوا کۆلۆنیای باوکسالارییە و دەزگایەکە بۆ چەوساندنەوەی ئافرەت، هاوسەرگیری کردنیشم لە قۆناغێکی تەمەنمدا پێوەندی بە هەندێک هۆکاری کۆمەڵایەتییەوە هەبوو، نەک بڕواکردنم بە دروستکردنی خێزان، هاوسەرەکەشم دەیزانی، کە من لە پێناوی خۆشەویستییەکەم بۆ ئەو، هاوسەرگیریم دروست کرد، دەنا هیچ بنەمایەکی دیکەی نەبوو، بڕوا ناکەم هیچ ڕۆڵێکی فەلسەفی لە

ژیانمدا گیرابێت، من نزیکەی حەڤدە ساڵە بە تەنیا دەژیم و خێزانم نییە، باشتر، یان زۆرتر دەخوێنمەوە و دەنووسم.

بروانە کتێبی «نیشتمانی فەلسەفە»

گەشتێک لەگەڵ دوکتۆر محەمەد کەمال دا.. هەرێم عوسمان

دوکتۆر محەمەد کەمال لەم دیمانەیەدا هاوسەرگیری بە دەزگایەکی چەوسێنەری پاتریارکی لە قەڵەم دەدات، فەرهاد پیربال بە هەمان دید و بۆچوون و وێناکردن لەم دەزگایە دەڕوانێت و هەوڵ دەدات لە بری ئەم دەزگا چەوسێنەرە، ئەڵتەرناتیڤێک بۆ نەوەی نوێ بدۆزێتەوە، ئەڵتەر ناتیڤەکەی فەرهاد زۆرتر لە ئەوین و یەکتر خۆشویستن و هاوڕێیەتییەکی ڕوحی و عەقڵی و ئەپیکۆرییەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام بە شێوازێکی ئازاد و ئازادیخوازانە و دوور لە گرێبەستی هاوسەرگیری، تێیدا ئەوین و چێژ پشکی سەرەکییان بەردەکەوێت، لە کاتێکدا چەمکی چێژ لە پێوەندی سێکسی نێوان کوڕ و کچ، یان نێر و مێ خۆی لەخۆیدا خاوەن ئیشکالە، جاک لاکان پێی وایە سێکس یەکگرتن دروست ناکات، بەڵکو جیابوونەوە دێنێتە کایەوە، لەبەر ئەوەی چێژی سێکسی، چێژی کەسێکە تەنیا بۆ خۆی، لێرەدا پێوەندی سێکسی بوونی نییە و لە چێژدا هەر کەسێک بەدوای بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیدا دەکەوێت.

هەریەک لە سلاڤۆی ژیژەک و ئالان بادیۆ لە توێژینەوەکانیاندا کاریان لەسەر ئەم خاڵەی جاک لاکان کردووە، لای بادیۆ خۆشەویستی، یان ئەوین دێت لە کردەی سێکسیدا شوێنی ئەو نا پێوەندییە دەگرێتەوە، یان بە شێوازێکی تر کاتێک لە پرۆسەی سێکسی نێوان کچ و کوڕێک، لە ڕێگەی چێژەوە لە یەکتر دادەبڕێن، چونکە لای لاکان چێژ تاکەکەسییە، بادیۆ پێی وایە ئەوین دەتوانێت ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە و پێوەندییەکەی نێوانیان بگەڕێنێتەوە، پاشان دەگەڕێمەوە سەر ئەم بابەتە، دەمەوێت ئاماژە بە دەستەواژەیەکی سلاڤۆی ژیژەک بکەم سەبارەت بە [«ژویسانس» لای «لاکان».. ژویسانس لە بنەچەدا بە واتای «چێژ و خۆشی» دێت، کە ڕەهەندێکی شاراوەی سێکسی هەیە، سوبێکت هەر بەرگەی برێکی دیاریکراوی چێژ دەگرێت، بۆیە ئەگەر لەو برە زیاتر بێت ئەوە دەگۆڕێت بۆ ژان و ئازار، بە دەربڕینێکی تر ژویسانس، واتە چێژی بەژان] ژیژەک دەڵێت: [بۆیە سەیر نییە «لاکان» بڕوای بە هاوکێشەیەک هەبوو لەنێوان ژویسانس و سوپەر ئیگۆدا: چێژ وەرگرتن پێوەندی بە پەیڕەویکردنی ئارەزووە خۆڕسکەکانی مرۆڤەوە نییە، بەڵکو کارێکە کە وەکو جۆرە ئەرکێکی ئەخلاقی سەیر بەلاڕێدا براو جێبەجێی دەکەین] بڕوانە کتێبی «چۆن لاکان بخوێنینەوە، سلاڤۆی ژیژەک.. وەرگێڕانی: وەلید عومەر، مەبەستم ئەوەیە لە تێزە ئازادیخوازەکەی دوکتۆر فەرهاد پیربال سەبارەت بە پێوەندی نێوان نێرومێ، یان کچ و کوڕانی نەوەی نوێ، گرفتەکانی چەمکی چێژی سێکسی چۆن خراونەتە ڕوو، لای ئالان بادیۆی فەیلەسووفی فەڕەنسی، خۆشەویستی لە سەردەمی سەرمایەداری و بەرخۆریدا لە ژێر هەڕەشەدایە، بۆیە پێویستە خۆشەویستی دابهێنرێتەوە و دروست بکرێتەوە، چونکە ئەوین دووبارە دۆزینەوەی ژیانە، پێی وایە ئێمە لە خۆشەویستیدا، لە بری گومان، متمانە بە جیاوازی دەکەین، بەڵام «کۆنەپەرستان بەردەوام بە ناوی شوناسەوە گومان لە جیاوازی دەکەن، لای بادیۆ خۆشەویستی پرۆژەیەکی بوونگەراییە بۆ دوو کەس، لەسەر ئەمە ڕۆنراوە لە سێنترالیزمی تاکەکەسی دەربچێت و واز لە خودئەڤینی «نێرجسیەت» بێنێت بەرەو «ئێمە» بێتەوە و دەسبەرداری ژیانێک بێت کە لە جیهانێکدا سەر بە شوناسی «من»ـە بەرەو شوناسێکی نوێ کە لەسەر بنەمای جیاوازی ڕۆنراوە و بەرەو بنیادنانی ڕوانینی نوێ بۆ جیهان، لە بری یەکێک دوو کەس ببیکەن، ئەوین لای بادیۆ بەردەوامبوون و تواناییە بۆ بنیادنان و وەبەرهێنان ڕووەو جیهانێکی نوێ و ڕزگاربوونە لە خودپەرستی، ئالان بادیۆ لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە لە ئەوین و چەمکی جیاوازی دەڕوانێت، لای بادیۆ ئەوین بیرۆکە نییە، کردارە.

دوکتۆر فەرهاد پیربال لە پرۆژەکەیدا بەهەمان شێوە، هانی نەوەی نوێی کورد دەدات، پێویستە کچ و کوڕ، درۆ لەگەڵ خۆیان نەکەن و نەبنە «کۆیلەی کۆمەڵگا» و کۆت و قفڵ و پێوەندەکان بپچڕێنن و ئەزموونی باوان دووبارە نەکەنەوە و پێوەندییەک لەسەر بنەمای ئەوین دروست بکەن و تا بتوانن

ئەویندارانە، یان عاشقانە بژین، فەرهاد پیربال بەدوای ستایلێکی ئەڤینداریدا دەگەڕێت [بە مەرجێک لە چوارچێوەی حەرامکراوەکانی خودای دلانڤانی دلۆڤان دەرنەچن] لەجیاتی [گرێبەستی زەواج دڵنیابوونێکی ڕەها، لەنێوان ڕوحی خۆی و ئەویندارەکەی مۆر بکات] دوکتۆر پێی وایە نەوەی ئەمڕۆ هاوسەرگیری دەکەن بەبێ ئەوەی بیر لە ناوەڕۆکی گرێبەستەکە بکەنەوە، پابەند نەبوون بە مەرجە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان هەڵبەتە ئاکامێکی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە، بەڵێ [دەمەوێ نەوەی نوێ بگەیەنمە ئەو قەناعەتەی بێت، ئەوین Love وەک تێکۆشانێک، وەک ئومێدێکی یەزدانی بە بەشەر تەماشا بکات] هەر لە ڕوانگەی ئەو دڵنیابوونە ڕوحییەوە کە وەک تێز و پرۆژەیەکی عیشقی و ئەویندارى پێشنیاری دەکات، ڕەخنە لە دووفاقێتی ئەو پیر و کەنەفتانە دەگرێت کە میدیای کوردییان خستووەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، سەرجەم ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و بوارەکانی ڕاگەیاندنیان قۆرخ کردووە، پاشان هانی نەوەی نوێ دەدات، درێژە بە ساتەوەختەکانی ئەڤینداری پێش هاوسەرگیری بدەن، ئەو ساتەوەختانەی لێوانلێون لە هۆگری و عیشق و دڵخۆشی، یان دەرەوشانەوەی چرکەساتەکانی ئازادی تاک لە «جیهانی ژیان»دا [سێرژ گێینزبوورگ]ی [هونەرمەندی فەرەنسی دەڵێت: ئەمە شتێکی ئاساییە کە من لە تەمەنی ١٧ ساڵییەوە لە شەقامەکان بژیم هەتیو، بێ دایک و باوک، بەڵام لەمە زیاتر ئیدی قابیلی قبووڵ نییە بۆ من هەرگیز] فەرهاد دەڵێ: هاوسەرگیری؛ چ شتێکی لە ئەڤین زیاترە؟ زۆرتر جەخت لەسەر عیشق و خۆشەویستی دەکات، یان وەک ئەنارشیزمێکی ئازادیخواز، هەوڵ دەدات دەسەڵاتەکان تێکبشکێنێت، ئەنارشیزمەکان بڕوایان بە دەوڵەت نییە و بەبێ ڕەوشتی تۆمەتبار دەکەن، شوێنکەوتووانی نا دەسەڵاتگەرایی بانگەشە بۆ کۆمەڵگایەکی بێ دەوڵەت دەکەن، کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمای ڕێکخراوی خۆ هێشت «طوعي» و نا هەرەمی و بێ فەرمانڕەوایی دامەزرێت، ئەنارشیزم دژی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکە، بۆ نموونە «پێیر جوزیف پرۆدۆن ١٨٠٩-١٨٦٥»ی بیرمەند و سیاسەتمەداری فەرەنسی یەکەم کەس بوو ناوی نا دەسەڵاتگەرایی لەخۆی نا، پرۆدۆن بە تیوریزەکەر و دامەزرێنەری ڕەوتی نا دەسەڵاتگەرایی دادەنرێت، فەرهاد پیربال لەم کتێبەدا لە هەمان دید و ڕوانگەی ئەنارشیزمییەوە وەک ئازادیخوازێک دەڵێ: «عەشق فۆرمێکی تێکۆشانی تاکەکەسانەی یاخیگەرایە دژی کۆمەڵگە و دەوڵەت و بێ ئەخلاقی، دژی زەواج خۆیشی!» فەرهاد پیربال پێی وایە ژنە بێ ئومێد و دڵسووەتاوەکان، هەوڵ دەدەن لە ڕوانگەی فێمینیزمەوە لە نەوەی نوێ و لە گەنجان بگەیەنن کە ئەڤین و خۆشەویستی بوونی نییە، Feminst فێمینیست، یان فێمینیزم، یان ژنگەرایی، مێگەرایی، بزاڤێکی ژنانەی جیهانییە، هەوڵ دەدات ژن لە دەسەڵاتی سێکسی پیاو و هەژموونی باوکسالاری ڕزگار بکات و خودی ژن چەشنی کالایەک مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت و لەنێوان ڕەگەزی نێرومێدا یەکسانی هەبێت، بۆیە فێمینستەکان لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا داکۆکی لە ماف و ئازادی و سەربەخۆیی ژن دەکەن، ئەم بزاڤە هەندێک گرووپی تێدایە دەسەڵاتی پیاو بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە.

دوکتۆر فەرهاد داوا لە نەوەی نوێ دەکات، خۆی لە دەسەڵاتی دابونەریت ڕزگار بکات و ئاماژە بە ئەزموونی خۆی و «ئالا»ی هاوسەری دەدات و بە عەشقێکی خودایی نێوی دەبات، [لە خوداوە بۆمان هاتبوو؟ یانیش لەناو ناهۆشیاری جەمعیی هەردووکماندا هەبوو، یان لەچارەمان نووسرابوو بیکەین] بەشی دووەمی دەستەواژەکەی دوکتۆر فەرهاد ئاماژەیە بۆ تیوری ناخود ئاگای دەستەجەمعی لای «کارل گوستاف یۆنگ- ١٨٧٥-١٩٦١»ی سویسری خاوەن قوتابخانەی دەروونناسی شیکاری لای یۆنگ، دەروونی مرۆیی جیهانێکی دینامیکییە و لە جووڵەیەکی بەردەوامدایە و خودی مرۆڤ ڕێکی دەخات، یۆنگ وشەی لیبید و Ii-bido بەرانبەر ئەو وزە دەروونییە گشتییە بەکار دەهێنێت و ناخود ئاگای دەستەجەمعی لای یۆنگ بەرانبەر بە منی بالا، یان «سوپەر ئیگۆ»ی سیگمۆند فرۆید دادەنرێت، بریتییە لە کەسایەتی مرۆڤ لە وێنەیەکی زۆرتر خۆپارێز و عەقلانیدا، نوێنەرایەتی ویژدان دەکات و پێکهاتەی ئەو پێوەرە ڕەوشتییانەیە کە منداڵ لە دایک و

باوک و قوتابخانە و کۆمەڵگاوە فێری بووە، یان ئاگایی و دادگایی کردنێکی ڕەوشتی ناوەکییە، «سوپەرئیگۆ» لای لاکان «ڕیاڵ»ـە، ئەو بریکارە بێڕەحم و تیژ نەبووەیە کە بە لێشاو خواست و داواکاری قورس و ئەستەمی بەسەردا دەبارێنێت، پاشان بەو هەوڵە ناکامانەم پێدەکەنێ کە بۆ بەدیهێنانیان دەیدەم، بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو.. [چۆن لاکان بخوێنینەوە. سلاڤۆی ژیژەک وەرگێڕانی: وەلید عومەر..] دوکتۆر فەرهاد پیرباڵ لە دەسپێکی نووسینەوە بەدوای شتێکدا دەگەڕێت، شتێک (نیتشە) گوتەنی ون بووە و تا ئەبەد نادۆزرێتەوە، ڕەنگە ئەم شتە ونبووە لای «جاک دریدا» پەیوەست بێت بە نووسینی یەکەمەوە، یەکەم نووسین! لای «لاکان» بە قۆناغی «ئاوێنە»ـوە کە مرۆڤ ڕووبەڕووی وێنەی ساختەی خۆی دەبێتەوە و ئیتر بۆی دەردەکەوێت لە وەهمێک زیاتر نییە، هەڵبەتە فەلسەفەی «پۆستمۆدێرن» لەم خاڵە وەهمییەی «لاکان»ـەوە سەرهەڵدەدات، فەرهاد لە دەسپێکی نووسینەوەدا، خاڵێکی ئۆدیبی دەوروژێنێت، یان بەشێوەیەک بەدوای شتێکی نائامادە و پێوار (غایب)دا دەگەڕێت، ئەمەیش دۆزینەوەی مەحاڵە، [ئۆدیب.. وێڵ بەدوای دایکە نا ئامادەکەیدا دەگەڕێت، چونکە خۆ ئەو دایکە ڕاستەقینەکەی خۆی هەبوو وەک من].

فەرهاد لە تێز و پرۆژەکەیدا سەبارەت بە پرۆسەی هاوسەرگیری، دژی فەریودان و پێوەندی میکانیکییە، لە هەمان کاتدا شەیدای تێکەڵ بوون و توانەوەیەکی گیانی و جەستەییە، بەڵام کچ و کوڕ، یان ژن و مێرد لەم پێوەندییە ئیرۆسییەدا، جەستەی هەریەکێکیان لە ڕێگەی حەز و ئارەزوو و هەڵچوونی سێکسییەوە سەرقاڵی داگیرکردنی جەستەی ئەوی ترە، لە پێناو چێژبردن، چونکە چرکەی چێژ بردن، وەک ئەوەی «لاکان» جەختی لەسەر دەکات تاکەکەسییە و جەستە، یان بابڵێین «سوبێکت» لەم کردە ئیرۆتیکییەدا هەوڵ دەدات بگات بە زۆرترین چێژ بردن، چونکە لە پرۆسەی سێکسیدا تۆ لەگەڵ خودی خۆت لە پێوەندییەکدای، ئەوی تر چەشنی نێوەندگەرێکە، لە هزری یۆنانی «ئەسینی»دا پێوەندی نێوان کچ و کوڕ، یان پێوەندییەکانی نێوان کەسەکانی ماڵبات و خانەوادە، بە کۆمەڵێک وشە و زاراوە گوزارشتی لێوە کراوە، بۆ نموونە Philia فیلیا لە هزری یۆنانیدا پێگەیەکی بالای هەیە و گوزارشت لە سۆز و مەحەبەتێکی گەرم و ڕاستگۆیانە دەکات، بە تایبەتی لە بواری دۆستایەتیدا، واتای هۆگری و ئولفەت پێوەگرتنیش دەگەیەنێت، بەرانبەر بە چەمکی نوێی amitie هاوڕێیەتی، یان Storge ستۆرجە، لەنێوەندی خێزان و خانەوادەدا گوزارشتە لە بایەخ و ڕێزلێنان و مەحەبەت و حەنانی و هاوسۆزی، وەک مەحەبەتی باوک بۆ منداڵەکەی، یان بە پێچەوانەوە، یان agepe ئەگاپی، لە هزری یۆنانیدا بریتییە لە واتای مەحەبەتی ڕەهاو گشتی، چەشنی مەحەبەتی «مەسیح» بۆ سەرجەم خەڵقەندەکان، من دەمەوێت زیاتر لەسەر چەمکی Eros هەڵوەستە بکەم، کە زۆرتر لە عیشق و ئەڤین و شەیداییدا خۆی دەدۆزێتەوە، بە تایبەتی لە نێوان پێوەندی ژن و پیاودا، ئیرۆس چەشنی مەحەبەتێکی هەڵایساو بە سۆز و هەڵچوون و هۆکارە یاریدەدەرەکانی سێکسی دەردەکەوێت، هەر لایەنێک هەوڵ دەدات لایەنەکەی تر بکات بە موڵکی خۆی، دوکتۆر فەرهاد لە تێزەکەیدا جەختی لەسەر چەمکی Love کردووە، کە لە هزری یۆنانیدا بە ئەڤین، خۆشەویستی، عیشق، غەرام و شەیدایی و موبتەلابوون ناو دەبرێت، بەڵام ئەو عیشقەی فەرهاد لە پێوەندی نێوان هەردوو ڕەگەزی کچ و کوڕدا بە تایبەتی لەنێوەندی «نەوەی نوێ»دا جەختی لەسەر دەکات لە چەمکی «ئیرۆس»ی یۆنانی خاڵی نییە و پێوەندییەکی پڕ سۆز و جۆشوخرۆشی ئیرۆتیکییە، بە تایبەتی لە ماوەی پێش گرێبەستی هاوسەرگیریدا، ئەگەر ئەو پێوەندییە ئیرۆسییە دوای گرێ بەستی هاوسەرگیری بە هەمان هێز و گوڕەوە بەردەوام بێت، ئەوە کچ و کوڕ، یان ژن و مێرد ژیانێکی لێوانلێو لە شادی و چێژ و ئەڤین بەسەر دەبەن.

دەکرێت بابەتی عیشق لە بواری ئیستێتیکای نوێی پۆست مۆدێرندا بەکورتی بخەمەڕوو، جوانناسی نوێی پۆست مۆدێرن نکوڵی لە بنەمای هۆکارگەرایی و واتای تەقلیدی دەکات و لە بواری ئیستێتیکادا هانمان دەدات بۆ هونەرێک ئامانجی مەبەستێکی دیاریکراو نەبێت، چونکە فەلسەفەی پۆست دوای

ئەوەی گێڕانەوە گەورەکان تەواو دەکات، مرۆڤ بە سێنتەری گەردوون نازانێت و هانمان دەدات لە ڕێگەی هەستەوە چێژ و خۆشی لە «شتگەل» وەک خۆی ببینین، هەروەها چێژ بردن لە دەنگ و ڕەنگ و بوون وەک خۆی، یان وەک چۆن هەیە، یان چۆنیەتی دەرکەوتنی جوانی جەستە و کەلوپەلەکان، شێوەی جوانی ملپێچ و دەسکێش و چەتر لای ئافرەتە بنێست و بالآبەرزەکان لە وەرزی زستاندا، پۆست زۆرتر جەخت لەسەر هەست دەکات، دەشێت بابەتی هەست و چێژکردن لە شتگەڵ وەک خۆی، بایەخی فەلسەفەی «فینۆمینۆلۆجی» «هۆسرەل»مان بیر بێنێتەوە، هۆسرەل و مەبەستگەرایی و گەڕانەوە بۆ خودی شتەکان، یان «فینۆمینە» ، وەک دیاردەیەک چۆن بۆ ئاگایی دەردەکەوێت، لێرەدا گرنگ چۆنیەتی دەرکەوتنی دیاردەیە بۆ ئاگایی مرۆڤ، خۆ عاشقیش لە بنەڕەتدا چەشنی شاعیر فینۆمینۆلۆجییەکی سەرگەردانە، عاشق وەک هەردوو ڕەگەزی کچ و کوڕ، لە ڕێگەی چۆنیەتی دەرکەوتنی جەستەی «بوون»ی ئەوی تری ئەڤیندۆستەوە شەیدای نیشانێک لە ڕوخسار و بزە و ئاسەوارێک لە شێوە و ڕواڵەتدا دەبێت، یان جوانی ناخێکی شاراوە، لە شێوەیدا ڕەنگ دەداتەوە.

ئەم حاڵەتی جوانپەروەرییە بۆ خودی شاعیر بە گوڕترە، شاعیر وەک خاوەن پاشخانێکی ئۆنتۆلۆجی، فینۆمینۆلۆجییەکی هێرمنیۆتیکییە، لە ڕێگەی دەرکەوتنی فینۆمینەی جوانییەوە، بە ڕوانینێکی فەلسەفییانەی «هایدگەر»ی هەوڵ دەدات واتای بوون شی بکاتەوە، چونکە هایدگەر چەمکی فینۆمینۆلۆجی «هۆسرەل»ی لە شیکردنەوەی فینۆمینەی شتگەلەوە بۆ شیکردنەوەی واتای بوونی مرۆڤ گوازتەوە، فەرهاد پیربال لە تێز و پرۆژەکەیدا جەخت لەسەر چەمکی ئەڤین، یان خۆشەویستی دەکات، هاوسەرگیری بێ عیشق، بەکارێکی قێزەون لە قەڵەم دەدات، دەکرێت هەمان پرۆژەی دوکتۆر فەرهاد لەلای «ئالان بادیۆ» و «سلاڤۆی ژیژەک» بە فۆرم و شێوەی جیاواز بدۆزرێتەوە، بادیۆ لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، ڕەخنە لە نووسینگەی بریکاری زەواج و پێگە و ماڵپەڕەکان دەگرێت کە بەشێوازێکی بازاڕی بانگەشە و ڕیکلام بۆ هاوسەرگیری دەکەن، بادیۆ بە شێوەیەکی تر هانی کچ و کوڕەکان دەدات بۆ خۆشەویستی، چونکە خۆشەویستی لای ئەو خولڤاندندنەوەی ژیانێکی نوێیە، بەڵام ژیژەک لە دیمانەیەکدا خۆشەویستی بە ڕووداوێکی گرنگ ناو دەبات، ڕووداوێک لەوانەیە سەرتاپای ژیانی تاکەکەس بگۆڕێت، کەوتنە داوی خۆشەویستی لای ژیژەک پابەندە بەڕێکەوتەوە، ژیان بەخۆشەویستییەوە دەبووژێتەوە، دەکرێ ئەو هاوسەرگیرییەی کە خۆشەویستی لەنێوان کچ و کوڕدا دروست ناکات لە زمانی «سلاڤۆی ژیژەک»ەوە بخەینە ڕوو کە لە چەمکی «ڕیاڵ»ی «لاکان» دەدوێت و ڕیاڵ- واقیع لە شێوەی شتێکی بێ جەوهەردا دەخاتە ڕوو، شتێک کە لەو ناوکە ڕەق و بەرهەڵستکارە بە تاڵ کراوەتەوە کە پێی دەڵێین ڕیاڵ، هەر بەو جۆرەی کە قاوەی بێ کافایین تام و بۆی قاوەی ڕاستەقینەی هەیە، بەبێ ئەوەی قاوەی ڕاستەقینە بێ، واقیعی مەجازیش وەک واقیع ئەزموون دەکرێت بەبێ ئەوەی واقیع بێت، هەموو کارێک ڕێ پێ دراوە، دەتوانین چێژ و خۆشی لە هەر شتێک وەربگرین بەو مەرجەی لە جەوهەرە ترسناکەکەی داماڵرا بێت، هەمان سەرچاوەی پێشوو دەشێ هاوسەرگیری بێ خۆشەویستی لە داهاتوودا «تراوما» بە زمانە لاکانییەکەی، یان شۆک و زەبرێکی دەروونی بێنێتە کایەوە و شوێنەواری لەسەر سوبێکتی مرۆڤ جێ بهێڵێت.

دوکتۆر فەرهاد پێی وایە هاوسەرگیری [ پیسترین دەزگای بە کۆیلەکردنی گەنجان و ئەویندارانە ] . هەوڵ دەدات خودی مرۆڤ لە دەسەڵاتی دابونەریتەکان ئازاد بکات، بە تایبەتی لە هەژموونی پەیماننامە ڕەوشتییە واژۆ کراو و واژۆنەکراوەکاندا، لێرەدا ئاماژە بە بیروبۆچوون و دنیابینی چەند بیرمەندێکی بواری کۆمەڵناسی و مەعریفی و فەلسەفی دەدات کە دژی گرێبەست و پەیماننامە و هەژموونی دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا، توێژینەوەیان ئەنجام داوە، بۆ نموونە: [ژان ژاک ڕۆسۆ ١٧١٢-١٧٧٨] سویسری لە بەندنامە کۆمەڵایەتییەکەیدا – Contra Social، یان لە پەیماننامە کۆمەڵایەتییەکەیدا، ڕەخنە لە دەسەڵاتی دابونەریتی گشتی دەگرێت و بە دوژمنی ئازادی تاکەکەسی لە قەڵەمی دەدات، لای ڕۆسۆ

گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنیکی و ئابووری و پەیدابوونی [مۆڵکایەتی تایبەتی] لەنێو کۆمەڵگادا هاتووەتە کایەوە، پێشکەوتنی ئابووری، کۆمەڵگای مرۆیی بۆ دوو چینی دیاریکراو دابەش کرد، چینی موڵکدار و کرێکار، موڵکدارەکان لە ترسی کرێکارەکان و بە پڕوپاگەندەی یەکسانی و دادپەروەری توانییان حوکمڕانی بکەن و هەژموونی دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن، ڕۆسۆ لەتیورە کۆمەڵایەتییەکەی پەیماننامەکەدا لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی ئەم گرێبەستە کۆمەڵایەتییە دەخاتەڕوو، پێی وایە کۆمەڵەی مرۆیی پێش گرێبەستەکە، لە بژێوییەکی ئاسایی و ئاشتی و ئاسایش و ئارامیدا دەژیان و کۆمەڵە مرۆییەکان لە ڕێگەی کۆمەڵێک بەهاو بنەمای ئەخلاقییەوە بەڕێوەدەبران، ئیتر لەگەڵ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی بالا و فەرمانڕەوایی، مرۆڤ کەوتە نێو بازنەی کۆیلایەتی و پێشێل کردنی ئازادییەکان، فەرهاد لە ئاماژە خێراکەیدا بۆ تیوری پەیماننامەی کۆمەڵایەتی لای ڕۆسۆ، مەبەستی ئەوەیە وەک ئەنارشیزمێکی ئازادیخواز لایەنە نێگەتیڤەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و هەژموونی دابونەریتەکان بخاتەڕوو، کە چۆن ئازادی تاک پێشێل دەکەن و مرۆڤ لە عیشق و حەز و ئارەزووەکانی بێبەش دەکرێت، حوکمڕانی لە ڕێگەی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای جێگیر و چەسپاوەوە، سوبێکتی تاک لە بازنەیەکی سووردا قەتیس دەکات، پاشان دوکتۆر فەرهاد سەبارەت بە «پەیمانی کۆمەڵاتی» ڕۆسۆ بیروبۆچوونی «میشێل فووکۆ ١٩٢٦-١٩٨٤» دەخاتەڕوو فووکۆ لە مایکرۆفیزیای دەسەڵات دەدوێت، دەسەڵات لەنێو کانگای کۆمەڵگادا بەشێوەی مایکرۆفیزیک نیشتەجێیە و لە هەموو شوێنێکدا بوونی هەیە و برییتیە لە زنجیرەیەک پێوەندی هێز، فووکۆ بە پێچەوانەی هزری مارکسیی و ڕوانینی «لویس پێیر ئالتوسێر ١٩١٨-١٩٩٠» چەمکی دەسەڵات شی دەکاتەوە، لای فووکۆ دەسەڵات لەسەرەوە بۆخوارەوە دانابەزێت، بەڵکو کۆمەڵێک پێوەندی هێزی بەرجەستەکراوە و لەنێو ڕێکخراو و دامودەزگاکاندا نیشتەجێیە و لە هەموو خاڵێکی لەشی کۆمەڵایەتیدا شوێنی خۆی کردووەتەوە، بۆیە دامودەزگاو ڕێکخراوەکان لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بەردەوام لە کێبڕکێ و ململانێدان، لای فووکۆ دەسەڵاتی مایکرۆفیزیک لە ڕێگەی ململانێوە، پێوەندییە ستراتیجییەکان دەبڕێت و دێتە نێو ژیانی ڕۆژانەوە.

فەرهاد پیربال لە ڕوانگەی دەسەڵاتی مایکرۆفیزیکەوە دەڵێ: «هاوسەرگیری: سامناکترین بازنەیە بۆ ئازاردانی ژن، بۆ هەڵمژینی بەهرە و وزەی کچ و کوڕی» بە با هاتووی کورد! لەو سەردەمەی ئەو گولانە لە دوندی درەوشانەوەی خۆیاندان، بەڵام چەمکی دەسەڵات لای ئالتوسێر و هزری مارکسی فۆرمی هەرەمی وەردەگرێت و لەنێو کۆمەڵگادا بەشێوەی ستوونی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دادەبەزێت و لە ڕێگەی ستراتیجی تایبەت بە خۆیەوە کارە چەوسێنەرەکان ئەنجام دەدات، فەرهاد گرێبەند و گرێبەستی هاوسەرگیری بە ئامرازی دەسەڵاتی دادگاکان لە قەڵەم دەدات و لەنێوان کچ و کوڕی نەوەی نوێدا جەخت لەسەر پێوەندییەکی ئەڤینی و گیانی دەکات و دەڵێت: من پێم وایە لە جیاتی «گرێبەستی زەواج» دڵنیابوونێکی ڕەها، لەنێوان ڕوحی خۆی و ڕوحی ئەویندارەکەی مۆر بکات.... فەرهاد بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕ... کۆپلەیەک لە دیوانی «خەوننامە» و لە شیعری «تێک ئالانێکی ڕاکشاو و ڕووت و قووت لەژێر قاچەکانی شێراتۆندا» وەک نموونە دەهێنێتەوە، عەشق چ هێزێکە، لە پێناو ئەوەی ڕەچەڵەکی باش و جوانی مرۆڤ بمێنێتەوە!

**کوڕ و کچەکە**
**ڕووت و قووت**
**لەناوەڕاستی شەقام.. ڕاکشاو**
**خۆشەویستییان ڕۆدەکردە ناو گیان و جەستەی یەکتر**
**لەپێناو ئەوەی ئەو هەموو نیعمەتەی کە خوا**
**بەخشیویەتییە مرۆڤ: بمێنێتەوە...**

فەرهاد پێی وایە پیاو چۆن لە ڕێگەی عیشقەوە ژن دەکات بە خەونێک، پێویستە ژنیش بە هەمان شێوە پیاو بکات بە خەونێک، فەرهاد ژیان و هاوسەرگیریی ژنە شاعیر و ڕۆماننووسی ئەمریکی «سیلڤیا پلات ١٩٣٢-١٩٦٣» وەک نموونە دەهێنێتەوە سیلڤیا ساڵی ١٩٥٦ لەگەڵ هاوڕێی شاعیری «تید هیوز» هاوسەرگیری دەکەن، دوو منداڵ دەخەنەوە بەنێوی فریدا و

نیکۆلانس دواتر سیلڤیا دووچاری دڵتەنگی دێت و لە مووبەقی ماڵەکەیدا «بەگاز» خۆی دەکوژێت: فەرهاد لە هێنانەوەی نموونەکەیدا زۆرتر لەنێوان کچ و کوڕدا جەخت لەسەر خۆشەویستی و هاوڕێیەتی دەکات تا هاوسەرگیری، هەروەها لە هەمان ڕوانگەی خۆشەویستییەوە بە دید و ڕوانینێکی کولتووری لە بواری کەلەپووری کوردی دەکۆڵێتەوە و لە دنیای فۆلکلۆری کوردیدا بەدوای خەسڵەتێکی ئیرۆتیکیدا دەگەڕێت، بەڵام بەر لە وروژاندنی ئەم بابەتە کولتوورییە بە زمانێکی ئاماژەیی لە ڕێنسانسی ئەوروپی و چۆنیەتی کوشتنی خوداوەند لای نیتشە دەدوێت و پێی وایە ئەگەر سەدەی بیست بە ئارەزووی کوشتنی باوک ناسراو بێت، ئەوە سەدەی بیست و یەک بە کوشتنی دایک دەناسرێتەوە، مەبەستی ئەوەیە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا ڕۆڵی ژن و دەسەڵاتی ژنسالاری لە پەرەسەندندایە، پاشان لە کۆمەڵگای دێرینی کوردیدا چەند نموونەیەک لە بارەی پێوەندی ئەڤینی نێوان کچ و کوڕ دەخاتەڕوو، بە تایبەتی لە کارە هەرەوەزییەکانی «زبارە»دا، لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بە مۆدێلێکی پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و سێکسی ناوی دەبات، پێی وایە گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی ئەفسانە، داستان، لاوک و حەیران، مەتەڵ و پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، ئیدیۆم، گۆرانی، حیکایەتی کوردی بەشێوەیەکی قووڵ تیوریزە نەکراوە.

پاشان ئاماژە بە کەلەپوور و حیکایەت و ئەفسانەکانی ئایینی ئێزدی، یارسان، زەردەشتی، ئەهلی حەق و کاکەییەکان دەدات، بە مەبەستی دیاریکردنی لایەنی بەهێزی فۆلکلۆری کوردی، لە هەمان کاتدا چەند ڕستە و دەستەواژەیەکی فۆلکلۆری لە زاری «هەمین»ی ڕەحمەتی دایکییەوە وەک نموونە: دەهێنێتەوە.. کە بە ڕاشکاوی لە مەجلیسی پیاواندا ئەم ڕستە و ئیدیۆمانەی دەربڕیوە..

– ئیشی دزی؛ عەقڵی قوزی!

– هەتا سەر بمێنێ قوون زیاتر عاجباتییان دەبینێ

– سێبەری بەردێ، بە قای مێردێ

– خزمێ کیری ل بەر دەری

– خزمی قوزی ل سەر سەری

فەرهاد پێی وایە «هەر شارستانیەت و کۆمەڵگایەک لە دێرینەوە، مۆدێلی تایبەت و کولتووری جیاوازی خۆی هەبووە و هەیە بۆ ژن و زەواج، هەروەها بۆ چۆنیەتی پێکەوە ژیانی دوو ئاگرەکە»، پاشان لە کۆمەڵگای دێرینی کوردیدا لە چەمکی ڕەدووکەوتن دەدوێت و لە لیریکی کوردیدا چەندان هێمای ئیرۆتیکی بە نموونە دەهێنێتەوە کە لە گۆرانی کوردیدا بە «مەمک» چوێنراون وەک سێو و خۆخ و نارنج و بەهێ و هەرمێ.

دەڵێ: تۆ تەماشاکە ئیرۆتیکا چ پانتاییەکی گرنگی لەناو هۆشی نائاگایی گەلەکۆیی کورد داگیرکردووە، لەناو فۆلکلۆر و زمان و سیستمی ڕەوانبێژیدا دوکتۆر فەرهاد هانی بەرێوبەرایەتی پەروەردە دەدات، لە قوتابخانەکاندا بایەخ بە سیستمی خوێندنی تێکەڵاو بدەن تا هەردوو ڕەگەزی کچ و کوڕ لەدوارۆژدا خۆیان لە پێوەندییەکی ئاسایی و سروشتیدا بدۆزنەوە و لە کردەی چەپاندنی دەروونی ڕزگاریان بێت، جوانی دەورانی باخچەی ساوایان دەخاتەڕوو، چۆن کچ و کوڕ لە تەمەنی سێ ساڵییەوە، بە پاک و جوانی لەسەر یەک سفرە نان دەخۆن و بە یەکەوە یاری دەکەن، ئاماژە بە مەلای گەورەی کۆیە دەدات کە چۆن کچی شەش ساڵانەی خۆی ناردە ناو پۆلی یەکەمی سەرەتایی کوڕان، کەواتە بەشێکی پرۆژە ئەڤینییەکەی دوکتۆر فەرهاد پێوەندی بە داڕشتنی سیستمێکی پەروەردەیی و پێکەوە ژیانەوە هەیە، هەتا نەوەی نوێی کورد لە داهاتوودا بتوانێت لە ڕێگەی ئەڤین و هاوسۆزییەوە جیهانی هاوسەرگیری بدرەوشێنێتەوە، پاشان دوکتۆر فەرهاد لە ڕیشە و ڕەچەڵەکی چەند تاقە وشەیەک دەکۆڵێتەوە، کاف Cave.. وەک شوێنێک بۆ نیشتەجێبوون، شوێنێک بۆ خێزان، ئەشکەوت، ئاش کاف.

کافی چێشت لێنان، لای عەرەب دەبێتە کەهف، یان وشەی مزگەفت، ئەشکەفت.. یان بیرکردنەوەی مرۆڤ لە قۆناغی پێش چوونە ناو ئەشکەفت، یان مزگەفت، واتە جێی مەزدا، فەرهاد پێی وایە زمانی کوردی زمانی ئاهورا مەزداییە، فەرهاد لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا بە پرشنگکەلێکی سۆفیزمی، یان عیشقی خودایی لە چەمکی جوانی و ئەڤین دەدوێت، پاشان پرشنگەکان تێکەڵ بەهزر و هەستێکی سێکسی دەکرێن و ئاراستەیان ڕووە و ژیانی ڕۆژانە دەبێتەوە و هەوڵ دەدەن دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی ترادسیۆن

تێکبشکێن و پێوەندی ئەڤینی نێوان کوڕ و کچ خۆی لە فەزایەکی ئیرۆتیکیدا بدۆزێتەوە.

فەرهاد لە ڕێگەی خەیاڵ و پێشبینییەوە لە ئادەم و حەوا، سێو و بەهەشت دەدوێت، پێی وایە یەکەم سەرجێیکردنی ئادەم و حەوا لە باغدا ڕووی داوە، پاشان ڕوویان لە ئەشکەوت کردووە، پاشان لە ئایینی ئێزیدی و لەمەلەک تاووس دەدوێت و بە ئایینێکی دایکسالاری لە قەڵەمی دەدات و لە کتێبی «جیلوە» دەکۆڵێتەوە و وشەی «کریڤ»، یان برای خوێنی شی دەکاتەوە، پاشان لە مەڕ پێوەندی سێکسی نێوان ئادەم و حەوا و دوای وەچە خستنەوەیان پێی وایە [دوو دیمەنی مردن و لە دایکبوون لە هەموو شتێک زیاتر هێزی خودایان پیشانی مرۆڤ داوە]، هەروەها لە ئایینی دێرینی کورد و دینی زەردەشتی و گرێبەستی هاوسەرگیری و ئاهورامەزدا و گەیشتن بە خودی یەزدان دەکۆڵێتەوە، پێی وایە لە ئایینی زەردەشتیدا گرێبەستی هاوسەرگیری بوونی نییە، ئەوجا بەدوای مێژووی دێرینی کورددا دەگەڕێن ئاترۆ پایگان «دەوڵەتی میدیا» و کاردۆ...تاد.

هەمیسان وشەی «جەم» و «هوما» شی دەکاتەوە، دواتر لە مێژووی جەمشید پاشا و جامی جەم دەدوێت و دەڵێت: زەردەشتی بۆ یەکەم جار خودای تاک و تەنیای سەلماند، خوداش بریتییە لە بیرکردنەوەی باش، کرداری باش، ڕەفتاری باش، بەم شێوەیە «قەومی خاوەن یەکەمین دین، لە کوردستانی ئاگرۆ پایگانەوە، بەلای ڕاستدا بەرەو هیندستان بەلای چەپیشدا بەرەو ئەوروپا بڵاوبۆوە» دوکتۆر فەرهاد دەڵێ [ڕۆژگارێک هات Pers فارسەکان جەمشید پاشای کوردی زەردەشتیان لە ناوبرد، مێژووی جەمیشدیان کردە مێژووی زوحاک]، هەروەها لەم کتێبەدا بابەتێکی زۆری وروژاندووە، بۆ نموونە جیاکارییەکی دوورودرێژ لەنێوان ناخود ئاگای دەستەجەمعی پیاوی ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتی سەبارەت بە هاوسەرگیری و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ژن و پێدانی دەسەڵات و ئازادی دەخاتە ڕوو، جار جارە لێرە و لەوێ دەربارەی فێمینیستەکان دەدوێت و دەڵێت، مەترسیدارترین شت لە ژندا ئەمەیە، دەسەڵاتت لێ وەربگرێتەوە!

لە ڕووی خۆشەویستییەوە جەخت لەسەر ئەم ڕستەیە دەکات: [عەشق.. ئەوینی تاهەتایی بەشەر بۆ خودا.] لەدوا بەشی ئەم کتێبەدا دەڵێت: بۆچی لە «ئاڵا»ی خێزانی جارانم، لەگەڵ یەکتر جودا بووینەوە. کاتی خۆی کە دوکتۆر فەرهاد یەکەم جار وێنەی خۆی و خاتوو ئاڵای بڵاوکردەوە، وا بزانم لە کۆمێنتێکدا ئەم ڕستەیەم بۆی نووسی: [فەرهاد کێ ناڵێ ئەمە دیارییەکی خوداییە]. هەمیسان دەڵێت: چۆن و بۆچی ئەمن لەگەڵ ئاڵا لە یەکتر ئاڵاین لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٤؟ فەرهاد لەم بەشەدا زیاتر لە مەینەتی تاکەکەس و زەبروزەنگ و توندوتیژی دەسەڵاتی ترادسیۆنی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی دەدوێت. [ئەو کۆمەڵگایەی چاوەڕێی خێر و باشەی لێ دەکرێت، بەڕای من!] فەرهاد لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا زۆربەی بابەتەکانی بە زمانێکی ئایرۆین و پارادۆکس خستووەتەڕوو، [بۆیە، دژ بەو شەڕەنگێزییانەی کۆمەڵگا، دوو تاکی ئەویندار، چووین یەکتریمان خۆش ویست، زەواجمان کرد]، پاشان لە دەستەواژەیەکی تر دەردەبڕێت ئاماژەیە بۆ دەقێکی شیعری شاعیر و نووسەری ڕووسی «فلادیمێر مایاکۆڤسکی ١٨٩٣-١٩٣٠» بەنێوی «پەڵە هەورێک لە پانتۆڵدا» دەقێکی تەنزئامێز دژی سانسۆر و دەسەڵات تێیدا چوار هاوار و هەناسەی شیعری بەدوای یەکدا دێن با بڕووخێ حوکمڕانیتان، بڕووخێ هونەرتان، بڕووخێ ڕژێمتان، با بڕووخێ ئایینەکانتان مایاکۆڤسکی دوای ئەوەی لە ژیانی سۆز و خۆشەویستیدا سەرکەوتوو نابێت، هاوکات هەست دەکات دەسەڵاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر خەون و خولیا و هیواکانی جێبەجێ ناکات، دووچاری نائومێدی دێت و ساڵی ١٩٣٠ خۆی دەکوژێت، دەقی (پەڵە هەورێک لە پانتۆڵدا) بەمە بەناوبانگە کە شەپا زللەیەکە و ئاراستەی دەسەڵات و کۆمەڵگا دەکرێت، فەرهاد لە عیشقەکەیدا لەگەڵ ئاڵا بەهەمان دید و دنیابینی دەقەکەی مایاکۆڤسکی، ڕەخنە لە کۆمەڵگای کوردی دەگرێت و دەڵێت: عەشقی ئێمە، عەشقی من و ئاڵا زللەیەک بوو لە کۆمەڵگا! مەبەستی «زەواجیشمان» پێی وایە ئەو ئەوینەی نێوان خۆی و ئاڵا دوای جیابوونەوەشیان لە دادگا، بەهیچ شێوەیەک کاڵ نابێتەوە، ئەوین و دۆخە عاشقانەکە بە دژی کۆت و کۆیلەکانی کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدات، پاشان لە کتێبی «خانەوادەی پیرۆز»ی فرێدریک ئەنجلز دەدوێت و چەمکی پیرۆزی شی دەکاتەوە،

هەروەها واتایەکی ئاڵۆز و تەمومژاوی و میتافیزیک بە بوونی ژن دەبەخشێت.

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم دوکتۆر فەرهاد پیرباڵ لەم کتێبەدا کۆمەڵێک تێمای جۆراوجۆری لە بوارەکانی ئەنترۆپۆلۆجی «مرۆڤناسی» کۆمەڵناسی، مێژوو، فەلسەفە، عیشق و ئیرۆتیکا، دەروونشیکاری، هزر و زانین و شیعر...تاد وروژاندووە، بە زمانێکی ئاماژەیی و ئیماژکاری تێدا کردوون، لە دەسپێکی نووسینەوەدا دەیەوێت وەک ئەنارشیزمێکی ئازادیخواز سەرجەم دەسەڵاتە ترادیسیۆنییەکانی کۆمەڵگا تێکبشکێنێت و هانی نەوەی نوێ دەدات بە ئەوینداری ڕوو لە جیهانی هاوسەرگیری بکەن، کچ و کوڕ بەر لە گرێبەستی هاوسەرگیری ماوەیەک چێژ لە عیشق ببینن، ئەو تێزەی دوکتۆر فەرهاد باسی لێوە دەکات لە ئایینی مەسیحی و لە نێوەندی مەسیحییەکاندا هەیە و کچ و کوڕ بەر لە گرێبەست ماوەیەک بەیەکەوە دەژین تا شارەزای خەسڵەت و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری یەکتر بن و ئایا لەگەڵ یەک دەگونجێن، یان نا؟

پاشان بەشێوازێکی ڕوحی گرێبەستی هاوسەرگیری ئەنجام دەدرێت، واتە کچ و کوڕ بەشێوازێکی ڕوحگەرا لێکدی مارە دەکرێن، لەبەر ئەمەشە پیاوی مەسیحی ئەگەر هۆکارێکی بەڵگەنەویستی لەبەردەستا نەبێت، ناتوانێت تا مردن لە هاوسەرەکەی جیا بێتەوە، چونکە زەواجی، یان گرێبەستی گیانی ئەنجام داوە.

دوکتۆر فەرهاد لەم سەردەمەی گلۆبالیزم و تێکەڵبوونی کولتوورەکان و بەسەرچوونی حیکایەت و گێڕانەوە گەورەکاندا، بەدوای ئازادی تاک و پێکەوە ژیانێکدا دەگەڕێت لەسەر بنەمای عیشق و ئازادی و هۆشمەندی، بە هزر و زەینییەتێکی کراوە مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک پرس و بابەتی جۆراوجۆر دەکات، بەڵام کێشەی کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵات بەگشتی بە کۆمەڵگای کوردیشەوە لەوەدایە کە لە بنەڕەتدا کۆمەڵگای سوونەتی و «سرووت»ین و جارێک پرسی دیموکراسی نەبووەتە بەشێک لە ڕەفتاری تاکەکەسەکان، وێڕای دەسەڵاتی تۆتالیتاری سیاسی و هەژموونی دەسەڵاتی پاتریارکی باڵیان بەسەر کۆمەڵگادا کێشاوە، مەبەستم ئەوەیە ئەو تێز و پرۆژە ئەڤینداریەی دوکتۆر فەرهاد، زیاتر لە کۆمەڵگاکانی مەدەنیدا پراکتیزە دەکرێن و کچ و کوڕی ئەڤیندار بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خۆیان لە کەشێکی ئاوادا دەدۆزنەوە، دەتوانن بەوپەڕی ئازادی و ئەوینداری دەسبازی و ئیرۆتیکا بکەن و ئەوجا بڕیاری گرێبەستی هاوسەرگیری بدەن، بەڵام لەکۆمەڵگای بەرخۆری و نەریتی جیهانی سێیەمدا، پراکتیزەکردنی ئەم جۆرە پرۆژە ئەڤینییە ئەستەمە و کۆمەڵێک ئاستەنگی نەریتی و ڕەوشتی دەبنە ڕێگر و بەربەست و هەموومان دەیزانین زۆرجار کێشە و مەرگەساتی لێ دەکەوێتەوە، ئەمە وەک واقیعی کۆمەڵگا، بەڵام دوکتۆر فەرهاد بەدیدێکی قووڵ و ڕۆشن کاری لەسەر کۆمەڵێک پرسی گرنگ کردووە.

هەڵبەتە کۆمەڵگای کوردیش لە داهاتوودا پرەنسیپ و بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنی تێدا بەرجەستە دەبێت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و ئەوکات تاکی کورد بە ئارەزووی خۆی مومارەسەی ئازادییەکانی دەکات و ئەم حاڵەتە شتێک نییە بە مەحاڵ ناوببرێت، بەڵکو زۆرتر پێوەندی بە هۆشمەندی تاک و کۆمەڵگا و پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی...تاد هەیە، لە کۆتاییدا دەڵێم جێگەی دڵخۆشییە کە دوکتۆر فەرهاد پیرباڵ لەم کتێبەیدا کۆمەڵێک پرس و تێمای هەمەجۆری وروژاندووە کە پەیوەستن بە بوون و چارەنووس و داهاتووی مرۆڤ و نەوەی نوێوە، من لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵم داوە هزر و بیرکردنەوە و دنیابینی فەرهاد سەبارەت بە ئەوین و هاوسەرگیری وەک خۆی نیشان بدەم، لەوانەیە وەرگرێکی تر بێت و خوێندنەوەیەکی جیاواز لەم خوێندنەوەی من بۆ ئەم کتێبە بخاتە ڕوو.


**سەرچاوە:**

**ناوی نووسەر: فەرهاد پیرباڵ**

**١- ناوی کتێب: هەهەهەهە «بەرگی یەکەم»**

**«ب١» زەواج نەفرەتی هەمیشەیی خودا لە بەشەر، زنجیرەی بڵاوکراوەکانی «کتێبخانەی ڕۆدانی کوڕم»، چاپخانەی شەهاب - ٢٠١٦**

**٢- لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە سوودم لە هەندێ سەرچاوە وەرگرتووە، بە تایبەتی دەربارەی بیرمەند و شاعیرەکانی جیهان.**